

# مایاکۆڤسکی:
# زمان و مردنەکەی



مایاکۆڤسکی

نووسینی : جۆن بێرگەر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هەندرێن

"گورگەکان بە پێدزکێ هەتا بەر ماڵ دەهاتن. بە گەلەکۆیی دەخولانەوە و دەیان لووراند. تا بڵێی لوورەیان ناخۆش و ترسناک بوو. لەوێ بۆ یەکەم کەڕەت بوو ئەو لوورە کاسکەر و دژوارەم گوێ لێ بوو. زارۆکەکان شەوانە نەیاندەتانی بنوون، دڵنیام دەکردن و دەمگووت: (هەترەشتان نەچێ، سەگی دڕمان هەیە نایەڵن گورگەکان نزیک ببنەوە!)".

ئا بەو جۆرە دایکی مایاکۆڤسکی بە دارستانی جۆرجیای رووسیادا هەڵدەڵێ کە ڤلادیمێرو خوشک و براکانی چاویان تێدا هەڵێنا.

لێرەدا سەرەتا مەبەستمان لە سەقامگیرکردنی ئەو پێدا هەڵگوتنە وەبیرهێنانەوەی ئەوەیە، کە تا بزانین ئەم دنیایەی ئێمەی لەگەڵ ئەو دنیایەی کە مایاکۆڤسکی تێدا گەورە بووە، زۆر جودایە.

کە مرۆڤێک لە تەندروستییەکی باشدا خۆی دەکوژێ، دوا لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە دەڵێ مایاکۆڤسکی گەیشتە ئەو رادەیەی هەستی کرد کە کەس تێیناگات. ئەم تەرزە تێگەیشتنە زۆر جاران تا دوای مردنیش هەر بەردەوام دەبێ. چونکو زیندووەکان بەجۆرێک لەسەر باسلێکردنی چیرۆکی خۆکوشتن سوور دەبن کە لەگەڵ مەبەستەکانیان بگونجێ.

ئا بەم چەشنە لەسەر ئەو دوا نارِەزاییەی تێنەگەیشتن، وسکوتی لێ دەکرێ. بە ماناکردنی دیاردەی مایاکۆڤسکی، بۆ هەر تێرامانێکی نێوان پێوەندی سیاسەتی شۆڕشگێڕو شیعر، دیاردەیەکی ناوەندییە، ئەم دیاردەیەی لە ناو شیعرەکانی و هەروەها رەوتی ژیان و مردنەکەیدا، بەرجەستەکرد، دەخوازێ بەم مانایە چارەسەری بکەین .

لە راستییدا لەکن مایاکۆڤسکی هەموو شتێک بەو زمانەوە دەست پێدەکات کە بەکاری دێنێ، ئەووش وامان لێدەکات کە بەڕاستی رێزی بگرین، هەتا گەر زمانی رووسیش نەزانین. رەوتی مایاکۆڤسکی، هەوەک

کارەساتەکەی، بەو پەیوەندییە جیاوازەی نێوان خۆی و نێوان زمانەکەیەوە حوکمدارە. ئەوەش مانای ئەوەنییە دیاردەکەی مایاکۆڤسکی لە نێوەڕۆکی سیاسی بەتاڵ بکەین، بەڵکوو دەبێ بەدیاریکردن دان بەو نێوەڕۆکە جیاوازەدا بنێین .



مایاکۆڤسکی

**سێ خاڵ سەبارەت بە زمانی رووسی**

1- لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا، جوداخوازی نێوان زمانی روسی داسەپاو و زمانی نووسیندا، لە چاو هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا، نارەزایی کەمتر هەبوو. سەرباری ئەوەش زۆرینەی خەڵک نەخوێندەوار بوون. هەروەها هەر چینی حوکمڕان بەتەنیا ئەو زمانەی بۆ بەرژەوەندی و چێژەکانی تەرخان نەکرد، تا وای لێبێ، کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەرەتایەکی جیاوازی لەنێوان زمانی خەڵک و زمانی چینی ناوەندی شارنشینی تازەی هێنایە گۆڕێ. لەناو ئەوانەدا مایاکۆڤسکی بەڕاشکاوی دژی پرۆسەی (خەساندنی زمان) راوەستا. هەرچەندە، ئەوکات و ئێستاش دەشێ. هەروا ئاساییە، شاعیرێکی رووس خۆی بە بناغەی زمانە زیندووکەی خەڵک بزانێ.

هەر تەنێ لەبەرئەوە نەبوو کە مایاکۆڤسکی بە کەسایەتییەکەی دەنازێ، چونکوو دەیتوانی بە زمانی رووسی بئاخڤێ. کە خۆشی لەگەڵ پۆشکین بەراورد دەکرد، لەپێناوی ئەوە نەبوو تا تاکایەتی بلیمەتە گۆشەگیرەکان رابگەیەنێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو لە زماندا دوو شاعیر جیابکاتەوە کە هێشتا لەبارە بۆ ئەوەی ببنە موڵکی سەرتاپای نەتەوەیەک.

2- زمانی رووسی زمانی لەرینەوە (نەوادار)و پلەکانی دەنگی جیا جیایە، بۆیە زۆر دەوڵەمەندە، بەتایبەتیش لە سەرواو هارمۆنییدا. ئەوەش یارمەتی رووسەکانیدا کە وەک دیاردەیەک شیعر ئەزبەر بکەن.

شیعری رووسی، بەتایبەتی شیعری مایاکۆڤسکی، کە بە خۆشی دەیخوێنێتەوە، لە مۆسیقای (رۆک)ەوە لەوێوە بۆ شیعری (میلتۆن) نزیک دەبێتەوە. گوێ رادێرن مایاکۆڤسکی بۆ خۆی لەمەڕ ئەمەدا دەدوێ:

"بۆ نەوا ئەو هاژە سەرەتاییە لەکوێوە دێ؟ لە زەینمدا هەموو جۆرە دەنگ و بزوانەکان دووبارە دەبنەوە، ئەوەش هەر دیاردەیەک بێ دەتوانم دەنگێکی دیاریکراوی بۆ بسازێنم. هاژەی ئەو دەریایەی کە بێکۆتایی دووبارە دەبێتەوە، دەکرێ بکرێتە سەرچاوەیەکی نەواو ئاواز. یا ئەو ژنە خزمەتکارەی کە هەموو بەیانیان بە توندی لە دەرگا دەدات، دەنگێکە دووبارە دەبێتەوە و لە دەروونمدا سوڕدەخوات و لە ناو ناخمدا تێهەڵچوونەوەی هەیە، یاخود سوڕانەوەی زەوی کە ئەزموونی خۆمە، یا لە شوێنی بازرگانەکاندا کە بە کەرەسە بینراوەکانیان دەکەنە زەنا، گڤەبای دژوار وریا دەکەنەوەو ئاوێتە دەبن."

ئەو هەمە چەشنە ئاوازانە بۆ زمانە رووسییەکەی مایاکۆڤسکی چالاککار و بەیادهێنانەوەیە، ناکەونە سەر نێوەڕۆک. رەنگە ئاوازەکان تێکەڵاوبن، بەڵام ماناکانیان بە وردییەکی دەراوێتەیی جودا دەبنەوە. جوانی دەنگەکان دڵنیامان دەکەنەوە، کە ئەگەر مانا تیژو کتوپڕەکان یەکانگیریان بن.

زمانی رووسی لە نۆبەرە و تازە پێشکەوتنەکەشیدا لە دووانە وشەکان پێکهاتووە و مانای توندو ئاشکرای هەیە. ئەوەش بۆ شاعیرێک دەرفەت دەڕەخسێنێ کە لە داهێناندا بیخەملێنێ. بەڵام شاعیرێکی مۆسیقا و

قارەمان. ئەگەر لەسەر جۆلانەی ئەو قارەمانە باریکە ڕێیەکی لێزان هەبێ، ڕەنگە بتوانێ لە دیار ئەکتەرێکی تراژیدیدا فرمێسک نەڕژێ.

3- وێڕای سەرکەوتنی شۆڕش، بەهۆی فرە هێرشی لەناوبردنی نەخوێندەواری. هەموو نووسەرانی رووس، هەستیان کرد خوێنەرێکی زۆر بەرەو دروست بوون دەچێ. هەرچەندە ئەو دروستکردنە قەبارەی پرۆلیتاریای زێدە کرد، بۆیە پرۆلیتارە تازەکە بۆ توێژێکی خوێنەری (پێڕاگەشتوو) وەرچەرخا، کە خوێندنەوە بازرگانییەکان نەیشێواندبوون، یەکسەر ئەو نووسەرانە لەوە ترسان کە چینی شۆڕشگێڕ وەک هەر مافێکی شۆڕشگێڕانەیان، کە داواکردنیشی مافی خۆیانە، داوای وشەی نووسراو، بەکارهاتوو دەکەن. بەم شێوەیە لەدایک بوونی پرۆلیتاریای خوێندەوار لە یەکێتی سۆڤیەتدا موژدەی دەوڵەمەند کردن و فراژانی ئەدەبی نووسراوەی ڕاگەیاند، نەک ئەو هەژارکردنەی کە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری لە رۆژئاوا ئەنجامیدا.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو بڕواداریە، هەمان بڕواداری مایاکۆڤسکی بوو. ئەو نوێکارییەی شیعرەکانی بە ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی چالاکی سیاسییدا ناز دەکرد. چونکە بە خۆی لە جێگەی پڕوپاگەندەی میری رۆستا Rostaدروشمەکانی دادەهێنا. یان کە لە سەرتاپای پان پۆڕی یەکێتی سۆڤیەتدا دەسوڕایەوە و لە ناو جەماوەرێکی قەبەی کرێکاراندا کۆڕی شیعری دەگێڕا، بەهۆی وشەکانییەوە، لەوە دڵنیابوو کە شتی تازە ساز دەکات. بەو ڕێگایەشەوە چەمکی تازە بە زمانی چینی کرێکاران دەبەخشێ. سەرباری ئەمەش، ئەو سوڕخواردنانەی لە ماوەی دوو ساڵدا تەندروستی کەنەفت کرد، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی بۆنەکان، ژیان بۆ خۆی ئەوەی سەپاند کە ئەو بۆ خۆی کردە نوێنەری ئەو گەمەیە. جەماوەر لە پەیڤەکانی دەگەیشتن. ڕەنگە مانا حەشاردراوەکان لە پشت ئەو پەیڤانەوە بووبن کە لە زەینیدا ئامادەییان نەبوو، ڕەنگە ئەو گرنگی بەوە نەدابێ کە (لەوێ) دەیخوێنێتەوە و ئەوانیش گوێیان ڕاگرتووە. هەروەک کە (لێرە) بە ناچاری لەو تۆمارکردنە بێکۆتاییانەی کە لەگەڵ چاپەمەنی و بەرپرسە حیزبییەکان لە بواری ئەدەبدا ئەنجامی دەدا. لەوێدا جەماوەر، یان بەشێکی ئەو جەماوەرە، هەستیان کرد، کە تاکایەتی مایاکۆڤسکی بە تاکایەتی ئەو شۆڕشەوە بەندە.

زۆرینەی شاعیرانی رووس وەک شین و واوەیلا شیعریان دەخوێندەوە، کەچی مایاکۆڤسکی لە ناو مایکرۆفۆندا وەک دەریاوان بەرەو کەشتییەکی تری دەریایەکی هەڵچوو دەینەڕاند.

لەو ساتە مێژوویەدا زمانی رووسی لەو بارەبوو، کەوایە ئەو کات زمانی رووسی خوازیاری شیعر بوو، نەک هاوردنی زمانێکی زێدەڕۆیی، چونکە پێویستی بەوە بوو کە بە چەند وشەیەک ئەو ساتە مێژووییە پوختە بکرێتەوە .

بەڵام کاری لایەنەکانی ئەوانی تر لەو پەیوەندییەدا چییە – مایاکۆڤسکی شاعیرە؟ ئەوانی تر چ چەشنە شاعیرێک بوون؟ هەر مایاکۆڤسکییە وەک تاکێکی بە توانا دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێ لە کاتی بەراوردکردنی لەگەڵ شاعیرانی تردا وریای ئەو بین. دەبێ وەک شاعیر بە پشکنینی سەرنجەکان شیعرەکانی پۆلێن بکەین، هەرچەندە ئەو کارەش بۆ تەرازووی توانایەکی تر بشکێتەوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو پێناسەیە پاڵەپەستۆیەکی رووتە کە شاعیر بە درێژایی ژیان تووشی ئەو پاڵەپەستۆیە بووە. هەروا ئەوەش وریامان دەکاتەوە کە تێیدا هۆکاری خۆیەتی لە هۆکاری مێژوویی جیابکەینەوە.

مایاکۆڤسکی ئاوا تێبینییەکانی خۆی بەرەو ڕەوتی شیعرەکانی دەکاتەوە:

"ئەمڕۆ شیعرێکم نووسی، باشترە بڵێم: پارچە شیعرێک، کە خراپە، "شەو" لە شەقامی ستریتنسکی بۆ لیۆرلیۆک شیعرەکەم خوێندەوە. گوتیشم: ئەوە برادەرێک نووسیویەتی، داڤید سارد بوو و تێڕاما: (تۆ خۆت

نووسیووته!) ئەوسا هاواری کرد: (تۆ بلیمەتی!) بەو پەسندانە خۆشە شادبووم کە شایەنی نیم. پشتم بە شیعر قایم کرد. لە هیکرا لەو شەوەدا بوومە شاعیرێکی تەواو."



هەرچەندە ئەوە گوتنێکی سەرزارەکییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو بوو بە شاعیر، چونکە خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان کرد. هەڵبەت، هەر لە بنەچەدا ئەو توانا بلیمەتە لە خۆیدا حەشاردابوو. جا هەر دەبووایە رۆژێک ئەو توانایە بتەقێتەوە. بەڵام حەوسەڵەکەی وا رەخسا کە ئەو توانایە بۆ داوایەکی دیارکراو بتەقێنێتەوە.

پاش ئەوە، ئاماژەکردنەکە بەردەوام دەبێ، بەو پێیەی ئەرکێکە بۆ ئەو (داوا کۆمەڵایەتییە) دیاریکراوە پێویستە کە بەرەو رووی بێتەوە، ئەو داوایە راستەوخۆیە شیعر هەڵدەقوڵێنێ. خاڵی هاوبەشی نێوان خەملێنی رابردووی شیعرەکانی و داهاتووی شیعرە سیاسییەکانی بە دیاریکردن لە شێوەی قسە ئاراستەکردندایە. لەوەدا مەبەستمان شێوەی بەرەو رووبوونەوەی شاعیرە بۆ ئەو (تۆ)یەی کە قسەی ئاراستە دەکا. جا رەنگ بێ ئەو (تۆ)یە ژن بێ یاخود بەرپرسێکی حیزبی بێ.

لە ژیانی ئەم (من)ەدا بێهوودەیەدا لەو (تۆ)یە دەگەڕێ. ئەوە مانا فراوانەکەی شیعرە کە لە ژیانی شاعیردا لە حالەیەکی تردا دەبینرێ. رەنگە بگوترێ ئەم قسەیە، بەڕادەیەک، بەتەواوی لەسەر شیعردا جێی خۆی دەگرێ. ئەو هزرەی کە دەڵێ، شیعر شێوەیەکی ئاڵوگۆڕکردنە لەنێوان ژیانی شاعیر و ئەو داخوازییانەی کە چالاکییەکانی تر دەیخاتە سەر شانی، کاریگەری خۆی دادەنێت، لە دیاردەکەی مایاکۆڤسیەتدا ئەو هزرە بە چەشنێکی تایبەت رسکاوە. گەر ئەوە لەسەر ئەو پرنسیپەدا بشکێتەوە کە دەڵێ، شیعر بەپێی شێوەی پێشوازی کردنی خەڵک، بیانۆیەکانی دەگەیەنێ، یان ناگەیەنێ. لێرەدا رووبەڕووی ئەو کێشە گرنگ دەبینەوە کە جێگەی رێزی شاعیر بوو. خاڵە گرنگەکە لێرەدا زمانەکەیە، کە کاکڵە سەرکیەکەی تیادا بەخۆ گرتووە. دوا بڕیاریش کەسانی ترن دەتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، کە ئەو چۆن لەو بارودۆخە دیاریکراوەدا ئەم زمانەی بەکارهێناوە. مایاکۆڤسکی هێندەی بە زمانەکەی بەخشی، وەکو ئەوەی بە جەستەکەی خۆی دەبەخشێ. رێگەی بە کەسانی تر دا، کە بڕیار بدەن ئاخۆ ئەو جەستەیە بۆ ژیان مافی هەیە یان نا.

بەراوردکردن لەنێوان بەرهەمهێنانی شیعریی و بەرهەمهێنانی پیشەسازی، یەکێک بوو لەو بەراوردە هەرە گرنگانەی مایاکۆڤسکی، بەڵام پوختەکردنەوەی مانای ئەو هێما وەرگرتووەی کە باسی پێشبینینەکانی تەکنەلۆژیای نوێ دەکەن، کە ئەمەش لایەنگیری راستینەیە لەی ئەو. بەلای مایاکۆڤسکییەوە شیعر دروستکردنی ئەزموونی کەسایەتی و وەرچەرخاندنە.

لێرەدا هەر بەخۆی لەسەر ئەزموونی شاعیریەتی دەئاخڤێ کە بابەتە خاوەکانی شیعر چین، کاتێک کە شیعر دەبێتە بەرهەمێکی کۆتایی و داخوازی کۆمەڵایەتییەکەی بەجێدەگەیەنێ:

"هەر بۆ خۆی هەوڵێکی ئامادەکراوە بۆ تەواوکردنی دەقێکی دیاریکراو کە ئەو بەشە کاڵبووەم پێدەبەخشێ و دەرفەتم بۆ دەرەخسێنێ. خودی شاعیر ئەو بوونەوەرەیە کە هەموو خڕبوونەوەیەک یا ترافیکێک و هەر رووداوێک لە رووداوەکانی، دەبینێ، جا ئەو رووداوانە لە هەر بارودۆخێکدا روودەن، بۆیە هەر خودی ئەو رووداوانە دەبنە بابەتی وشە داڕشتن".

مەبەستی ئەو لە هەوڵی ئامادەکراو داڕشتنی سەروا، وێنە و دێرە شیعرەکانە، لەپێناوی ئەوەی لە داهاتوودا بەکاریان بێنێ.

شیعر (سازکردن) بە چەند خولێکدا تێدەپەڕێ، هەروەکو لە وتاری (شیعر چۆن ساز دەکرێ) بەڕاشکاوییەکی دەگمەن دەڵێ: "لە بەرابەییدا هەوڵە ئامادەبووەکە دێ کە بە ئەرکی چۆڕاندنەوەی ئەزموون و وشەکان هەڵدەستێ و ئەو کۆپلە ئاخاوتنانە بە ڕێژەیەک ئامار دەکا."

"لە دەوروبەری ساڵی 1936دا، لە ساراتۆفەوە بەرەو مۆسکۆ دەگەڕامەوە، بۆئەوەی دڵسۆزی خۆم بۆ ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵمدا بوو بسەپێنم، پێم گووت: "من لە ئادەمیزاد ناچم، بەڵکو پەڵە هەورێکم لە ناو پانتۆڵدا"، ئافرەتەکە بەو دەربڕینەم پەشۆکا، ئەوە وای لێکردم لە شیعرێکدا بە کاری بێنم... دوو ساڵان بەسەر ئەو ڕووداوەدا گوزەرا، پەڵە هەورێکی ناو پانتۆڵم، کردە ناونیشانی شیعرێک کە بەدوای ناونیشانێکدا دەگەڕ".

پاش ئەوەی شاعیر لەسەر بابەتێکی دیاریکراوی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەر بە شیعرێک دەکا، دەکارێ هەموو ماناکانی ئەو پێویستییە ئاخنراوانانەی پشت ئەو داخوازییە تێبگات. لە کۆتاییدا، پرۆسەی داڕشتنەوەی ئەو شیعرەی، کە هاوکوفی داخوازیەکەیە، دەستپێدەکا. لێرەدا، شاعیر دەکۆشێ هەموو مانا کاکڵەدارەکان لە وشە چڕکراوەکاندا رابگەیەنێ، بەڵام ئەم پرۆسەیە ئەزموونە یەک لە دوای یەکەکانی گەڕەکە. تا دەگاتە خەملێنی کۆتایی، ئەوسا هێزی تەقینەوەی ئەم شیعرە روو دەدا :



ئەی هاوڕێی جابیە باج وەرگرەکە
بە شەرەف سوێند دەخۆم
سەروا بۆ شاعیر
زیاتر لە فلسێک یا دوو فلس ناکا.
گوێت لەم دەستەواژەیە بێت :
سەروا
نارنجۆکە
نارنجۆکی دینامێتە.
دێرە شیعریش فتیلەیە
فتیل گڕ دەگرێ و
نارنجۆکەکە دەتەقێتەوە.
لاشەی شار لە هەوادا پەخش دەبێتەوە:
ئەوەیە شیعر
باج
بەسەر سەرواکانەوە چییە
کە شیعر ئامانج دەپێکێ و
یەکسەر دەکوژێ!
گەر ئەو
بەو سادییە نەمێنێ
تەنیا پێنج سەروا دەچەرخێ.
هەرچەندە ئەوە لە سارایەکانی فەنزوێلاش بووایە
بە دوایدا دەچووم

بێئەوەی گوێ بە گەرمەسێر و زۆزانەکان بدەم
شانم بە قەرز و قەرزکاری گران کرد و
گەڕام بەدوایدا.
تۆ ئەی هاوولاتی
نرخی بلیتی سەفەرکەت پاشەکەوت بکە!
هەر شیعرە – شیعر
کۆچێک لە نادیاریدا .
شیعر
وەک ریچکەیەکی شوون هەڵگرە و
دەمامکی بەرهەمێکە،
دیداری ساڵێکی کارە.
لەپێناوی دەرامەتی پەیڤێک
دەبێ هەزاران تەن
وشەی ناو ساز بکەیت.
بەڵام، تریسکەی
ئەو پەیڤە
لەسەرخۆ بە ستوونێک
بە وشە خاوەکان بەراورد بکە!
ئەو پەیڤانە
هەزاران ساڵ دەچۆڕێنەوە وو
هەزاران دڵ دەلەرزێنن!

کە شیعر هۆنینەوەکە تەواو دەبێ، دەخوازێ خوێنەران بیخوێننەوە یان خودی شاعیر بیخوێنێتەوە. مایاکۆفسکی، لە کاتی کۆڕە شیعرییە گشتییەکاندا، وەک شوفێری ئۆتۆمبیلی پێشبڕکێ یان فڕۆکەوانی پرۆڤەکردن. کارە جیاکار و بەرهەمەکانی پیشاندەدا، ویڕای جوداوازیش، چونکە پێشانگای شیعرەکانی نە لەسەر زەوی و نە لە هەواشدا پیشاندەدا، بەڵکو لە ناو زەینی گوێگرەکانی پیشاندەدا.

ویجا ئەو کار هەر چۆنێک بێت، نابێ حەزی ئاواز ئامێزەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعر لای مایاکۆفسکی فریومان بدات، بەو مانایەی گوایە شیعرەکانی حەشارگەیەکی نهێنیەکانە، بەپێچەوانەوە شاعیر تێڕامانە شیعرییەکانی هەمیشە لە ناخە چرۆگرتووەکانیدا بوون.

کەون ویژەنگ دەدا و
گوێچکە بەهێزەکانی
پڕبووە لە کێچ
ئەوە ئەستێرەیە و
لەسەر لەپی پاڵ کەوتووە.

ویڕای ئەمەش، مایاکۆڤسکی وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆگۆرکردنن سەیری شیعری دەکرد، پرۆسەیەک کە وەرگێڕانی ئامانجێکە بۆ کردنە ئەزموونی شاعیرێک کە بشێ لە بەرامبەر کەسانی تر بەکاری بێنێ. ئەو بڕوای بە کیمیای زمان هەبوو. لە خودی نووسینەکانییدا رووداوی سەرسوڕهێن رووی دەدا.

کاتێ کە لە ساڵی 1925دا لەسەر خۆکۆژییەکەی یەسنینی نووسی، نەیتوانی تاکە بیانۆیەکی بڕواهێنەر پێشکەش بکا، کە بۆچی دەبووایە شاعیر لە ژیاندا بمێنێتەوە، گەر ئەوەی بە راپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکە زانیبێت، لێ کۆپلەکانی سەرەتای پرسەنامەکەی کاکڵەی مەبەستن: **گەر لە ژووری یەسنیندا تەنیا مەرەکەب هەبووایە، نەدەچوو دەماری مەچەکی ببڕێ و خۆی هەڵواسێ، گەر هەر تەنیا بیتوانیبایە بنووسێ، رەنگە لەسەر ژیان بەردەوام بووایە. کە بنووسێ واتا لە ناو خۆتدا خۆت دەشارییەوە و لە هەمان کاتیشدا دەچییە پاڵ کەسانی تر.**

مایاکۆڤسکی لە هەمان شیعردا لەمەڕ گەلی رووس (کە زمانەکەی لەناویدا دەژی و هەناسە دەکێشێ) دەئاخڤێ و هێرش بۆ سەر هەموو بەکارهێنانێکی شەرمنۆکی یان ئەکادیمییانەی زمان دەکا (لەهەمان کاتدا گەر یەسنین بەخۆی لە کاتی شاردنەوەی تەرمەکەیدا گوێی لە هوڕاکێشە لاسایکارەکان ببووایە، داوای لێدەکردن کە پرسەنامەکانیان لە قنگی خۆیان رابکەنەوە. لە هەمان وەختدا، ئەو دان بەوە دەنێ، کە زەمەنێکی شەکەتدراو کەوتۆتە سەر نووسەران. ویڕای ئەمەش بەخۆی دەپرسێ، بەڵام چ زەمەنێک لەسەریان شەتەکدراو نەبووە؟ ڤێجا دەڵێ:

هەر پەیڤەکانە
پێشەنگی
ئەو ئادەمیزادە خشکاوە.
پێشکەون!
پشتمان
زەمەنێکە
وەک لوغمێکی زەوی دەتەقێتەوە.
بۆ رابردوو
تەنیا
کەزیەکانمان جێدێڵین
هەست و خواستمان
لە – با – ئاڵۆزکاوە.

لەگینە یارمەتیدەر بێ بۆ روونکردنەوەی هزرەکەمان، کە ئەگەر مایاکۆڤسکی بە نووسەرێکی تر بەراورد بکەین، کە ئەویش شاعیری هاوچەرخی یۆنانی یانیس ریتسۆسە، کە ئەو وەکو مایاکۆڤسکی، شاعیرێکی سیاسی و کۆمۆنیستە، بەڵام سەرباری ئیلتزامی هاوبەشانەی هەردوو شاعیر، لە شیعردا ریتسۆس بە بەراورد کردن لەگەڵ مایاکۆڤسکیدا دەکەوێتە کەنارێکی تر.

لەلای ریتسۆسدا کاری نووسین بە دروستکردنی وشە لە دایک نابێ، کەچی لای مایاکۆڤسکی شیعر وەک سەرەنجامی بڕیارێکی سیاسی، کە هیچ پەیوەندی بە شیعرەوە نییە لە دایک دەبێ. لەجیاتی ئەوەی شیعر

بەرهەمی کۆتایی پرۆسەیەکی توندو ئاڵۆزی بەرهەمهێنان بێت. ویدەچێ وەک بەرهەمێکی یەک لایەنی بەرهەمەکان بێ. دیدی ئەوتۆت بە زەین دادێ کە شیعرەکانی ریتسۆس بەر لە کەڵەکەبوونی وشەکانەوە هاتتبن، کە ئەوان، واتە شیعرەکانی ئاورێژی هەڵویستەکانیەتی، یان بڕیارێکی پێشوون. ریتسۆس نەک تەنێ بە شیعرەکانی هاوکاری سیاسی خۆی جەخت دەکاتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەی ئەوە. بەهۆی هەڵوێستی سیاسییانەی، لای ئەو هەندێ رووداو سەرپۆشێکی شیعریی دەپۆشێ:

رۆژی شەممە، سەعاتی یانزدەی بەر لە نیوەڕۆ
ژنان لەسەر رستەی جل شووشتن
جلەکانیان کۆدەکەنەوە
خاوەن ماڵەکە لەبەر ئاستانەی
ماڵەکەی وەستاوە.
پیاوێک جانتا هەڵدەگرێ و
یەکێکی تر شەپقە رەشەکەی لەسەر دەکا،
مردووەکان کرێ نادەن.
هێڵی تەلەفۆنیان لە ئیلین بڕی
کولیچەفرۆشەکە بە ئەنقەست بانگ رادەدێرێ:
(کولیچەی گەرم)
کەمانچەنژەنە لاوەکە لە پەنجەرەکەوە
دەڵێ:
(کولیچەی گەرم و نەرم)،
کەمانچەکەش بۆ سەر شۆستە فڕێدەدا.
بەبەغایەکە لەسەر شانی نانەواکەدا چاوەدێری دەکا.
خاوەن ماڵەکە بە کلیلەکانی خش خش دەکا.
هەر سێ ژنەکە دەچنە ژووری و
توند دەرگا دادەخەن.

## ئاماژەکردن بە ریتسۆس لەگەڵ مایاکۆڤسکی

مەبەستمان رووبەروو کردنەوەیان نییە، یاخود بەپێچەوانەوە. ئەوانە هەر یەکەیان دوو چەشنە شاعیری جودان و لە دوو دۆخی جیاوازیش شتیان نووسیووە. شیعری ریتسۆس (بەهۆی بلیمەتە شیعرییەکەی، بەشە بەرهەمێکە لە بەرهەمهێنانە هەڵبژاردراوەکەی کە ئەو خۆی بەرهەڵستی و بەرەنگارییەکە هەڵدەبژێرێ. شێوەی شیعریی لەلای یەکێکیان ئاشکرایە، لای دووەمیان نهێنییە. لە رووخساریشدا بەپێچەوانهوە دەنوێنێنن، یەکەمیان لە دووەمیان زیتر گۆشەگیرترە.



با هەنووکە بۆ لای مایاکۆڤسکی بزڤڕینەوە. دەکرێ بڵێین زمانی رووسی داوای شیعری جەماوەریانەی دەکرد، بەر لە شۆڕش و لە ماوەی سالانی یەکەمیدا شوێن پێی شاعیرە نیشتمانپەروەرەکان دەکەوتن. وێڕای ئەوەش مەحاڵە ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، گەر تەنیا بڵێین بلیمەتییەتی مایاکۆڤسکی بەو داواکارییەوە بەندە یان ئەو هەر تەنیا لەو زەمینەیەدا پەروەردە بوو، ئەو هاوکاتییەی نێوان بلیمەتیەکەی و نێوان باری زمانی سەردەمەکەی لە بەرهەمهێنانی شاعیر بەدرێژایی ژیانی و رەنگە هەتا لە مردنەکەشیدا، رەگەزاێنکی یەکلاکەرەوە بن، بەڵام هاوکاتییەک زۆر درێژەی نەکێشا.

وێڕای دەستپێکردنی (سیاسەتی تازەی ئابووری – نیپ – Nep زمانی شۆڕش دەستی بە گۆڕانکاری کرد. لە بەراییدا ئەو گۆڕانە لاواز بوو، بەڵام بۆ شاعیرێکی وەک مایاکۆڤسکی شتێکی شاراوە نەبوو. هاوکات، ئەو پەیڤانەی کە بە کاری دەهێنان، ئەو واتا راستەوخۆیەیان نەدەگەیاند کە دەیگوتن. (بە راستگۆیانە لە لینین ئاخاوتنەکەی کارێکی زێدە فرە بوو) لەو دوورنمایانەو ئەو شتانەی تریش کۆچکردنەکەی کارێکی یەکلاکارە بوو). وردە وردە هەر چەندە پەیڤەکانی فراوان دەبوو ماناکانیشیان واتای خۆیان دەگەیاند. تا وای لێهات پەیڤەکان دوو رووخسار بنوێنن: روخسارێک هی تیۆری و ئەویتریش هی رەفتار بوو، بۆ نموونە، وشەی (سۆڤیەت) بوو بە وشەیەکی رۆیشتوو و باوی نیشتمانپەروەری و سەرچاوەی رێزی نیشتمان. چونکە ئەم وشەیە لە چوارچێوە دیاریکراوەکەی دیمۆکراسیدا هەر تەنێ لە تیۆریدا ماندار نەمایەوە. بەم تەرزە جەماوەر بۆ مەودایەکی دوور بوو بە خوێنەرێکی (خەملێو)، بەڵام جەماوەرێکی فریودراو. مایاکۆڤسکی بەر لەوەی دیاردەکەی بکاتە کەڵەگای نرخ دابەزینی کێشی زمانە رووسییەکەی ،کۆچی دوایی کرد، بەڵام تێڕامانە گاڵتەجارییەکانی لە دوا سالانی ژیانیدا زێدەبوون، هەر وەک لە نووسینەکانی وەک (مێر و (پێشوولە)و (گەرماو) ئەو گاڵتەجارِیانە دەبینرێن، ئەو نووسینانە هەموویان پێشوازییەکی خراپیان لێکران. بەجۆرێک پەیڤەکانی مانا پێدەبەخشین ئەو راستی و راستگۆییانەیان لە دەستدا. با گوێ بۆ سەرەنجامی بەشی سێیەمی (گەرماو) بگرین:

"باشە! ئێستا پیاوەکان لەسەر شانۆن، لەسەر تاکە ئەژنۆیەکتان بچەمێنەوە، پشتتان کوڕو سەرتان شۆڕبکەنەوە: دەبێ کۆیلایەتی بنوێنن، تەواو؟ دەی وەرن بە خاکەنازی وەهمەکانتان لە خەڵوزە بەردی وەهمەکانتان بدەن، کڵۆڵییەکی بەهێزە، تۆ لەوێی، دەبێ بەهێزترین کڵۆڵی بنوێنی، ئەوە هێزی تاریکییە دەتچەوسێنێتەوە. (تۆش لەوێی با تۆ نوێنەری – سەرمایە- بنوێنێ. لەوێ راوەستا، ئەی هاوڕێی سەرمایە- . ئەوسا سەمایەکمان بۆ دەکردی و نوێنەرایەتی – چەوسانەوەی چینایەتی – دەکەی).... ژنان ئێستا لە شانۆن، تۆ دەبیتە – ئازادی – رەوشت بەرزی ئەو رۆڵەت لێدێ، تۆش دەتوانی رۆڵی – یەکسانی – بگێڕی، گرنگ نییە هەر یەکێ ئەم رۆڵە بگێڕێ، وانییە؟ تۆش، ئەزیزەکەم، رۆڵی – برایەتی – بگێڕە، هەقت نییە لە هەستەوە بۆ ئەو خاسڵەت ئاماژە بکەی! هەمووتان ئامادەن؟ دەی! ئەو جەماوەرە وەهمیە بە حەماسە وەهمیەکانتان جۆش بدەن! باشە! باشە!))

ئا لەو دەمەدا مایاکۆڤسکی چیماوە تەواوی بکات؟ ئەو ئافرەتانەی خۆشیان دەوێ ماڵئاواییان لێدەکات. بەرهەمەکانی دەکەونە بەر شاڵاوی رەخنەیەکی توند. بەو پێیە (لە خودی خۆیدا) دوورە لە چینی کرێکاران، دکتۆرەکان پێی رادەگەیەنن کەچیدیکە بە ئومێدی ئەوە نەبێ ژێیەکانی دەنگی چاک بێتەوە، چونکو کاتێ شیعری دەخوێندەوە دەنگی دەنوسا. کە کار گەیشتە ئەوە هەستا وازی لە کۆمەڵەی ئەدیبانی (لیف (Lef کە

ناوەکەی کرا بە "نیف/ Nef " هێناو هاوکاری خۆی بۆ کۆمەڵەی نووسەرە (زۆرەکان) کە ناوە رەسمییەکەی "راپ/Rapp بوو، راگەیاند، کە هەمیشە رەوتی نالەبار بوو. لە ئاکامدا لەو کۆمەڵە تازەیەش گۆشەنشین بوو. ئەوسا دۆستە دێرینەکانی بە هەڵگەڕاوەناویان دەژمارد.

لەلایەکی تریشەوە، پێشەنگای بەرهەمەکانی، وەک شیعر، شانۆ، فیلم و هەڵواسراوەکانی پاشەکشەیان کردو ئەو سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێنا کە بۆ خۆی چاوەڕوانی دەکردن. تەمەنی سی و حەوت ساڵ بوو — پۆشکینیش لە تەمەنی ئەودا بوو کە کوشتیان — کەچی پۆشکین هەر تەنیا خۆی زمانە شیعرییە تازەکەی رووسی دامەزراند.

کێ هەبوو ئەو رۆژە زمانی شیعری شۆڕشگێڕی رووس کە مایاکۆڤسکی بڕوای پێیهێنا هەڵبوەشێتەوە؟

ئەگەر نووسەرێک ژیان وەک ماددەیەکی خاو سەیر بکا و بۆ هاتنە ناوەوەی زمان چاوەڕوانی بێ، هەروا بێ پەرواش بە دروستکردنی ئەزموونەکەی مژۆل بێ، بە پلەی یەکەمیش وەک پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکردن سەیری شیعر بکا و ئەو نووسەرە لە ناو سامناکییەکاندا هەڵێنجێ و پاشانیش کە لە جەماوەرە راستەوخۆکەی بێبەش کرا ژیانی خۆی مەحف بکاتەوە. ئیدی ئێمە ئەو ژیانەمان لەبەرچاو نەمێنێ و تەنیا ئەو پەرش و بڵاوییەی سەر درێژایی تەمەنەکەی بکاتەوە. وەکو ئەوەی گورگەکان توانیبیان، سەرباری هەموو شتێک، لاشەکەی تیتاڵ تیتاڵ بکەن.

"هەترەشتان نەچێ، سەگی دڕمان هەیە. لێناگەڕێن نزیک ببنەوە". کەسێک هەبووە پەیمانەکەی شکاندبێ، گورگەکانیش هێرشیان هێنا.

***

## کورتەیەک لە ژیانی جۆن بێرگەر

-جۆن بێرگەر لە ساڵی 1929 دا لە لەندەن لەدایک بووە. بە نووسەرێکی مارکسی، رۆنانووس، شاعیر، وتارنووس، تەحقیقنووس، رەخنەگری هونەری، ئەدیب، شانۆنووس، سیناریۆ و فیلمنووس ناسراوە. هەروا بە یەکێک لە رەخنەگرە بەناوبانگەکانی دنیا ناسراوە. وێڕای ئەمەش وەک رۆماننووسێکی گەورە، هزرمەندێکی وروژێنەریش ناودارە. شایانی گوتنە جۆن بێرگەر تا ئێستاش لە ژیاندا بەردەوامە و بەخۆی ژیانی مەنفای هەڵبژاردووە .

### لە کارەکانی نووسەر:

-رۆمانێک لە سێ بەرگدا کە لە ساڵی 1979 دا چاپی کردووە بەناوی (زەوی) بوو. رۆمانێکی تر بە ناوی (ئەو جارەی لە ئەورووپادا) کە لە ساڵی 1982 دا بڵاوبۆتەوە. دوا کتێبی (روخسارمان، ئەی خۆشەویست، وەک وێنە بچووکە) ساڵی 1984 بڵاوبۆتەوە.

-وێنەکیش لە سەردەمەکانماندا، ساڵی 1958 نووسیویەتی .

-سەرکەوتن و کەوتنی بیکاسۆ، ساڵی 1965.

-هونەرو شۆڕش، ئەرنست نییزفستنی و رۆڵی هونەر لە یەکێتی سۆڤیەتدا ساڵی 1969.

-ساڵی 1972، رۆمانی برگەی دووەم (ج) چەند خەڵاتێکی پێبەخشرا، لەوانە خەڵاتی ((بروکرماک کونیل)، کە بەناوبانگترین خەڵاتی ئەدەبی بەریتانییە.

-ساڵی 1975 کتێبێکی تەحقیقی بەناوی (پیاوی حەوتەم) دەرکرد.

سەرباری ئەمانە بێرگەر چەندان نووسین و کتێبی فرەلایەنی هەیە لە بواری ئەدەبی و هونەریدا.

**سەرچاوە:**

ئەم وتارە لە کتێبی (وجهات فی النظر)م وەرگێڕاوە کە (مرکز الابحاث والدراسات الاشتراکیة فی العالم العربی) بڵاوی کردۆتەوەو (فواز طرابلسی) وەریگێڕاون.